# سەبارەت بە ئاکسیۆنی "پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان"

**نادر عبدالحمید**
nadr1506@yahoo.com



باسی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان (حكك كوردستان) لە ئێستادا لەلایەن ڕابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق (حككع)ەوە هاتۆتە ئاراوە. ئەمەی خوارەوە چەند یاداشتێکە لەسەر ئەو مەسەلەیە، بۆ وورووژاندنی هەندێ بیرۆکە و هێنانەدی دیالۆگێك لەو بوارەدا.

## یەکەم. گرفتی مێسۆدی چ شتێك ئەپێکێت.

حیزبێکی کۆمۆنیست و کرێکاری (وەك هەر حیزبێکی سیاسی تر)لەهەر قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراودا لەکەناڵێکی دیاری کراو و لەڕێگەی چەند مەسەلەیەکی موشەخخەسەوە دێتەدی. لەمڕۆی کوردستانی عێراقیشدا ناتوانێت لەدەرەوەی وەڵام بە وەزعی سیاسی کوردستان (مەسەلەی کورد و کێشە لەگەڵ ناسیونالیزم، هەڵواسراوی چارەنوسی کۆمەڵگەی کوردستان، سەربەخۆیی و فیدرالیەت، مەسائیلە حەساسەکانی وەك مەسەلەی کەرکوك...) حیزبێکی سەرکەوتووی لەوچەشنە بێتەدی. بەڵام ئەو زەرورەتە چیە کە لەمیانەی ئەم مەسەلە تایبەتیانە و ئەو کەناڵە دیاری کراوانەوە تێ ئەپەڕێت؟ لێرەدا لە هێنانە مەیدانی باسی ئەو حیزبە(حكك كوردستان) لەلایەن ڕابەرایەتی (حككع)ەوە نوقتەی مەرکەزی و میحوەری نیە، گەرچی لێرەو لەوێش باسێکی لێ کرابێت. بەڵکو وەڵام بە ئەحواڵ و ئەوزاعی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و "ئیفلاسی ناسیونالیزمی کورد" وەك زەرورەتی پێکهێنانی ئەو حیزبە ئەسڵی مەسەلەکەیانە.

من دڵنیام لەوەی کە ڕابەرانی حككع بێ ئاگا نین لە بنەما فکری و سیاسییەکانی مەسەلەیەکی ئاوا [هێنانەدی حیزبێکی کۆمۆنیست و پەیوەندی بەبارودۆخێکی موشەخخەسەوە]، وەئەگەر بڕیار بێت شیکردنەوە و باسێکی فکری سیاسی گشتی و ئەکادمی لەوبارەوە بنوسن لایەنە (ئەبعاد) جۆراوجۆرەکانی ئەم مەسەلەیە و پەیوەندی دیالەکتیکی زەرورەتی وجودی حیزبێکی لەو چەشنە بە واقعی موشەخخەسی ئەمڕۆی کوردستانەوە ئەدەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەڵام مەسەلەی هەرە ئەسڵی ئەوەیە کە باسێکی ئاوا هەتا ئەگەر لەڕووی مێسۆدیشەوە دروست و پوختیش بێت **لە عالەمی واقعی سیاسیدا چ شتێك ئەپێکێت.؟** مەوقعیەتی هەر ئاکادمیستێك وەیا تیۆریسنێکی فکری سیاسی حیزبێك لێرەدا دەردەکەوێت نەك لەوەدا کە تاچەند لەباسەکەیدا ئەو مەسەلەیەی لەباری مەعریفەی نەزەرییەوە دروست و باش شیکاری کردوە و لێکداوەتەوە یان نا. لەبەر ئەوە ئەسڵی باسەکەی من ئەوە نیە کە لە ڕووی تیۆری و مێسۆدیەوە ئەم مەسەلەیە بدەمە بەر ڕەخنە، وە فکرناکەم هەڵگیرساندنی دیالۆگێکی لەو بابەتە لەمڕۆدا کۆمەگیەکی جدی بکات بە وەزعی کۆمۆنیزم لەمڕۆی کوردستان و عێراقدا. من ئەم مەسەلەی مێسۆدە بۆ ئەوە باس ناکەم تا ئاگا نەبوونی مەعریفەی تیۆری ڕابەرانی حككع بدەمە بەر ڕەخنە، بەڵکو ئەمەوێ بەدەرخستنی پێداگرتن لەسەر هێنانەدی بەدیلێکی تر و زەق کردنەوەی ئەم مەسەلەیە پەردەپۆشکراوی شتێکی تر دەربخەم. واتە مەبەستی سەرەکی من ڕەخنە و ڕەخنەکارییەکی تیۆری و مێسۆدی نیە **بەڵکو ڕەخنەیەکی سیاسی جدی یە.** واتە ئەم گرفتە مێسۆدیە کە پێداگرتنە لەسەر وەڵام بەئەوزاعی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و "ئیفلاسی ناسیونالیزمی کورد" بۆ ڕاگەیاندنی حكك کوردستان مانای چیە؟ و ئەیەوێت چ شتێك بپێکێت؟

## دووەم: ئاڵتەرناتیڤ لەبەرامبەر ئیفلاسی کێ دا.؟

پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە بەدیلیکی تر پێ بنێتەمەیدان بۆ وەلامدانەوە بە ئەوزاعی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و بە "ئیفلاسی ناسیونالیزمی کورد"، چەند پرسیارێك دێنێتە پێشەوە. ئایە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق (حككع) کە زیاتر لە 13 ساڵ چالاکیەکانی لە کوردستاندا ئەنجام داوە چکارە بوە؟ ئایە ئەم حیزبە (حككع) وەك بەدیلێکی تر پێی نەنابوە مەیدانی وەڵامدانەوە بەم ئەوزاعەی کوردستان.؟ ئاکامی ئەم هەموو ساڵە لە چالاکی، ئەم حیزبەی گەیاندۆتە کوێ لە کوردستاندا؟ ئەو حیزبەی کەتازە خەریکە ڕائەگەیێندرێت (حكك كوردستان): چ بەرنامە، ستراتیژ، تاکتیك، بڕیار و پەسندکراوێکی جیاواز یان تازە دێنێتە ئاراوە لەوەی کە تائێستا ڕاگەیێنراوە لەلایەن (حككع)ەوە؟ ئایە ڕابەرایەتیەکی تازە قەرارە بۆ حیزبی تازە (حكك كوردستان) دەست نیشان بکرێت یان هەمان ئەو ڕابەرایەتیەی ئێستای حككع (لەوانەیە بەئیزافەی چەند کادرێکی تازە) بەهەمان بەرنامە و ستراتیژ و تاکیك و...ئەمجارە بەناوێکی کوردستانیەوە دێتە مەیدان.؟ ئایە چ شتێك تا ئێستا دەستی ڕابەرایەتی ئەم حیزبەی گرتووە کە دەرزەنێك لە بەرنامە و ستراتیژ و تاکتیك و بڕیار و پەسندکراو.... نەبرێنە پێشەوە؟ و لە بەرامبەر ناسیونالیزمی کورد و ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا لانی کەم وەك هێزێکی

جدی دەرنەکەوێت؟ واتە چ شتێك تا ئێستا دەستی ئەم ڕابەرایەتیەی گرتووە کە نەك هەر نەیتوانیوە لەمیانەی خەبات دژی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە–سیاسیەکانی تر چارەنووسی کۆمەڵگەی کوردستان بگرێتەدەست، بەڵکو لەبەراورد بە دە ساڵی ڕابردووشدا بچێتەدواوە؟ ئایە گیروگرفتەکە تەنها لەوەدابووە کە ئەم حیزبە بەناوی عێراقەوە کاری کردەوە نەك بەناوی کوردستانەوە؟ ئایە لەوشوێنەوە گرێی ئەم گیروگرفتانە ئەکرێتەوە کە ئاڵوگۆڕیەکی شکڵی لە ئارایشی ڕێکخراوەیدا پێك بێت؟

گریمان ئەو حیزبە ڕاگەیێنرا، ئایە بەپێی ئەوانەی کەلەسەرەوە باسکران هەمان تاس و هەمان حەمام نیە؟ ئەم حیزبە بە ناو گۆڕینێك و ئاڵوگۆڕیەکی شکڵی چ ئاسۆیەکی تازەتر لەوەی کەڕاگەیێنراوە ئەخاتەبەر دەم کۆمەڵگەی کوردستان؟ چ ستراتیژێکی تازە ئەگرێتەبەر؟ چ شێوەکارێکی سیاسی تازەتر پەیڕەوی ئەکا، چ ئینیرژییەکی تر ئەخاتەگەر؟ ئایە "ئاڵتەرناتیڤ"ێکی ئاوا بەعەمەلی ئەتوانێت شتێك لە واقعی کوردستان، کۆمۆنیزم و کرێکار و خەڵکی کوردستان بگۆڕێ؟! فکر ناکەم کادرەکانی ئەم حیزبەش بە متمانە بەخۆبوونەوە وەڵامی ئەو مەسەلانەیان لابێت.

جەوهەری هێنانەئارای باسی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لەمڕۆدا و لەباری سیاسیەوە بەرلەوەی مەسەلەی وەڵادانەوە بێت بە ئەوزاعی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و هێنانەئارای بەدیلێکی تر، وەبەرلەوەش وەڵام بێت (وەك ئەوان دەڵێن) بە "ئیفلاسی ناسیونالیزمی کورد"! [کە ئێرە شوێنی هەڵسەنگاندنی ئەو مەقولەیە نیە]، وەڵامێکی سەر لێشێوێنەرە بۆ ئاڵتەرناتیڤێك کە مەوجود بوە و نەك هەر مەوقعیەتێکی سەرکەوتوانەی بەدەست نەهێناوە لەبەرامبەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر و حیزبە سیاسیەکانیاندا بەڵکو پاشەکشەیەکی جدیشی کردووە لەبەرامبەریاندا، وە لەوەش خراپتر ئەو ماتریاڵە ئینسانیەی کەبەدەوری ئەم حیزبە و ئەم ئاڵتەرناتیڤەوە بوو قەلفڕی پێکراوە. هەربۆیە کورت و موختەسەر ئەم پڕۆژەیە: یەکەم، پەردەیەکە بۆ داپۆشینی بنبەست و ئیفلاسی حککع و دووەم، ڕێگە گرتنە لە پیاچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە پیایدا.

من مەسەلەکە وا ناخەمەڕوو کە ڕابەرانێکی سیاسی ئاگاهانە و فێڵبازانە ئەیانەوێت بنبەست و فەشەلی خۆیان بشارنەوە و بە ڕاگەیاندنی شتێکی تازە خۆیان وەك ڕابەرانی مەزنی پڕۆلیتاریایی و خاوەن کاری درەخشانی مێژوویی نیشان بدەن! بەڵکو ئەم هەوڵوتەقەلایانە و ئەم پڕۆژانە وەك وەڵام بۆ چارەنووسێك کە ئێستا حککع هەیەتی، ئاکامی شێوازێکی بیرکردنەوە و سوونەتێکی فکری–سیاسییە. [ئەڵبەتە مەوقعیەتێك کە کادرانێکی سیاسی هەیانە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ڕوانگەی ئەوان بۆ بینینی مەوقعیەتی کۆمۆنیزم، بزووتنەوەی کرێکاری و..... و دەروازەی هاتنەدەرەوە لە قەیرانەکانی. وە لێرەشەوە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ئەو پڕۆژانە کە دەخرێنەڕوو لەو ڕاستایەدا.]

## سێهەم. سڕینەوەی مێژووی نەوەیەك.

ئەم باسە وا خراوەتەڕوو لەبەرامبەر کۆمەڵگەیەکدا کە هێشتا هێز، لایەن، گروپ و مەحفەلەکانی چەپ و کۆمۆنیستی و کرێکارانی پێشڕەو خۆیان کۆنەکردبێتەوە و تا ئێستا هیچ ئاڵتەرناتیڤێکیان لەبەرامبەر ناسیونالیزمدا (بەکورد و عەرەبیەوە) نەخستبێتەڕوو بۆ وەڵامدانەوە بەئەوزاعی کوردستان. شێوازی خستنەڕووی باسی پێکهێنانی حکك کوردستان زەڕب لێدان و سڕینەوە یان لانی کەم داپۆشینی مێژوویەکە لە بەرەنگاربوونەوەی نەوەیەکی چەپ، مارکسیست و شۆڕشگێڕ، مەعتوف لەسەر قەزیەی کرێکار و سۆشیالیزم لە کوردستاندا، حککع خۆی بەرهەمی یەکگرتنی ئەم نەوەیە بوو کە بەهەموو تاڵە دەزووە ڕەنگاوڕەنگەکانیەوە (الاطیاف الملونة) کۆڵکە زێڕینەیەکی پێکهێنا لە دواین دەیەی سەدەی بیستەم و لەمێژووی کوردستان (و عێراق)دا تا لەبەرامبەر ناسیونالیزمی کورد (وعەرەب)دا خۆی وەك ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی–چینایەتی بخاتەڕوو. لەبەرئەوە بەر لەوەی ڕابەرایەتی حککع باس لە هێنانە ئارای ئاڵتەرناتیڤێکی تر بکات، پێویستە وەڵامی ئەوە بخاتەڕوو کەبۆچی ئەم ئاڵتەرناتیڤە ئاکامێکی سەرکەوتوانەی بەدەست نەهێناوە و بەرەوپاشەکشە چووە؟ کوا هێزی تیۆری و حیس و حەماسێکی عاتیفی و عەمەلی کە لەسەرەتای کاردا مەوجوود بوو؟! ئەمە چی لێهات کێ بەرپرسە؟ ئەم کۆڵکە زێڕینەیە ئەمڕۆ نەك لە عاسمانی کۆمەڵگە و لەبەر چاوی خەڵکی کوردستان بەڵکو هەتا لەبەر پەنجەرەی ئەندامان و هەوادارانیشیا زۆر بەکاڵ و کەم ڕەنگ ئەبیندرێت.!

ئەگەر کەسێکی دەرەوەی حککع باسێکی وا بێنێتە ڕوو کە پێویستە حیزبێکی لەو چەشنە لە کوردستاندا پێکبهێندرێت، ئایە ڕابەرایەتی حککع بە سنگ فراوانیەوە ئەچێت بەرەوپیلی یان پێی ئەڵێن ئەو ئاڵتەرناتیڤە هەر ئێستا مەوجودە و وەرە بەئێمەوە پەیوەست بە؟

ئەم باسە وا خراوەتەڕوو کە تازە کۆمۆنیستەکان [ئەویش مەبەستی تەنها ئەوانەن کەلەناو حککع دان نەك کۆمۆنیستەکانی کوردستان بەگشتی] خەریکن ئەو ئاڵتەرناتیڤە شکل پێ ئەدەن و دەیخەنە مەیدان. هەر بۆیە ئەم شێوازە فرسەتی پیاچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە ئاڵتەرناتیڤێکی مەوجود، ڕەخنە لە ڕابەرایەتی حککع لە دووتوێی ئەزمونێکی سیاسی 10-15 ساڵی ڕابردوودا ئەخاتەلاوە و ئەیەوێت ئاڵوگۆڕیەکی شکڵی و ڕێکخراوەی بەرپا بکات بۆ داپۆشینی ئەم فەشەلە و ئەو پیاچوونەوەیە بەو ئەزموونەدا.

## چوارەم. ئەم پرۆژەیە ئاکسیۆنێکە.

ڕابەرایەتی ئەم حیزبە لەباتی ئەوەی بەشوێن خستنەڕوو و گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارە جدییانەوە بێت کە هەڵێنجراوی مێژووی ئەم حیزبەن لە ناو جەرگەی پراتیکێکی زیندووی کێشمەکێشێکی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، خۆی ئەداتە دەست ئاڵوگۆڕڕی وەزعی سیاسی، هەڵوێست و ئاکسیۆن لەبەرامبەریا. لیدەری ئەوکاتەی حیزب لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی بەعس و کەوتنی سەدام حسێن لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا [لە.9-6-2003 لەگەڵ ڕۆژنامەی ئۆکتۆبەر] ڕای گەیاند کە ئیتر چەوسانەوەی نەتەوایەتی لەسەر کورد کۆتایی هات و زەرورەتی ڕیفڕاندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان تەواو بوو وە حککع دەست بەرداری بوە [من لێرەدا ناشچمە سەر ئەو مەسەلەیە کە بەبێ هیچ سەنەدێکی ڕەسمی حککع، لیدەر ئەو بڕیارانە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەریدا بەناوی حیزبەوە ڕادەگەیێنێت نەك وەك نەزەر و بۆچوونی خۆی]. پاش ماوەیەك و لەگەڵ ئاڵوگۆڕی لەوەزعی سیاسیدا بەبێ لێکدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە ئەم بۆچوونە کێشرایەوە ماڵە و جارێکی تر شیعاری ڕیفڕاندۆم و دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان هێنرایەوە پێشەوە. [با لەوە بگەڕێین کە ئەمە چ سوننەتێکە تاکیك و ستراتیژی پێ ڕادەگەێنرێت و پێ ئەکێشرێتەدواوە] مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کەئەم حیزبە لەجەرگەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا نەوەستاوە بەڵکو کۆی هەڵسوڕاوانێکی سیاسییە، چاوەڕێدەکەن بزانن سبەی چی دەقەومێ تا هەڵوێستی بەرامبەر وەرگرن. بەم شێوەیە بەئەندازەی ڕوداوەکان چالاکە و ئەتوانێت هەڵوێستی عەمەلی هەبێت و چست و چالاك دەربکەوێت یان سەرکز و مات و غەمگین بێت کاتێك کۆمەڵگە ئارامە. حیزبی ئەکتیڤیستەکان ناتوانێت ئاکسیۆنیست نەبێت. ئاکسیۆنیزم شکڵی خۆدەرخستنی ئەم حیزبە بووە لە مێژووی چەند ساڵی ڕابردوودا. حیزبێك کە لە جەرگەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێت هەر ساتە و هەر ڕۆژە مەشغوڵی کار و بردنە پێشەوەی پرۆژەی جیاجیایە کە ڕۆژانە مەوقعیەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکەی (سۆشیالیستی کرێکاری) بەهێز ئەکات بەرامبەر بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر و لێرەوە مەوقعیەتی حیزبەکەش لەبەرامبەر حیزبەکانی تری سەر بەبزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر بەهێز ئەبێت، بۆ ئەو مەبەسەتەش ناتوانێت لە قوژبنێکا بوەستێت و تف بکاتە هەموو دەوروبەری خۆی. ئەم حیزبە حیزبی ئاکسیۆنیزمی هەڵسوڕاوانی سیاسیە نەك حیزبێکی کۆمەڵایەتی. مەوقعیەتی کادرەکانیش بەوە دیاری ئەکرێت تاچەند ئیدارەی تەشکیلات ئەکەن و هەڵئەخرێنن بۆ ئاکسیۆن، وە هەزار و یەك تەفاسیلی تریش لە ژیانی ناو ڕێکخراوەیی حیزبیدا...[دیارە هەموو حیزبێکی سیاسی لە یەکگرتنی هەڵسوراوانێکی سیاسی پێك دێت کە هاوئاهەنگ و ڕێکخراو کاردەکەن بە پێی سیستمێکی کاردابەشکردن-پەیڕەوی ناوخۆ-، پرسیاری ئەسڵی ئەوەیە ئایە ئەم حیزبە لەو ئاستەدا ئەمێنێتەوە وەك گروپێکی مەزهەبی یان ڕەگ وڕیشە ئەخاتە ناو کۆمەڵ (و بەتایبەت ئەو بەشە لە کۆمەڵیش کە خۆی بەچاوساغی سیاسیان دادەنێت)، چ شتێ ڕێگربووە لەوەی کە حیزبێك دوای زیاتر لە 10 ساڵ بێ ڕەگ و ڕیشە بێت؟ -ئێرە شوێنی ئەو باسە نیە].

ئەگەر چاوێك بە 4 ساڵی ڕابردووی حیزبدا بخشێنیەوە لە کوردستان واتە لە ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە تا ئێستا بزانە حیزب گەیشتۆتە کوێ؟ ئەگەر خۆپێشاندانەکانی هاوین و پایزی 2006 نەبا کە فرسەتی ئیبرازبوونی لەو ئاکسیۆنانەدا بۆ هاتە پێشەوە و تەزوویەك هاتەوە بەلەشیا. دەنا خامۆش ببو.

بەدوای ئەم خۆپێشاندانانەی ئەم چەند مانگانەی ڕابردوو کە ئاهێکی بەحیزبدا هێنایەوە، ڕاپۆرتەکەی بەیکەر-هەملتۆن هاتە ئاراوە کە جارێکی تر ئەجوائی سیاسی کوردستان بۆ نارەزایەتی خۆش ئەکات دژی ئەمریکا و ناسیونالیزمی عەرەب و ..... پرۆژەی پێکهێنانی حکك کوردستان لەمرۆدا [جیا لەوەی کە ئەم پرۆژەیە پێشوتر چۆنچۆنی و لە جەرگەی چ مەسەلەیەکی تردا خرابێتەڕوو] لەناو ئەم ئاووهەوایەدا فرسەتی هەناسەدانی بۆ پەیدا ئەبێت. ئەم ئاڵوگۆڕیانە پاکانەیەك ئەداتە دەست بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆڕیەکی شکڵی و وادەرئەخرێت کەئەمە پرۆژەیەکە بۆ وەڵامدانەوە بەم ئەوزاعانەی کوردستان و هاتنەدەرەوەیە لە مەیوبونێکی (ڕکودێکی) سیاسی و هیچ کارەیی حیزب لە کوردستاندا. بەڵام لەواقیعدا ئەم پرۆژەیە (پێك هێنانی ححك کوردستان) وەك کوللیەتێك خۆی ئاکسیۆنێکی ڕواڵەت گەرای (حککع)ە لە بەرامبەر بارودۆخی تازەی کوردستاندا نەك ئاڵتەر ناتیڤ، بەشێکە لە سیستمی ئاکسیۆنیزمەکەی و هیچ شتێك لە مەوقعیەتی کۆمۆنیزم

ناگۆڕێت لە کوردستاندا. هەر کەسێك لە خوێندنەوەی ئەم ووتارەدا ئەمە لە نووسەر حاڵی نەبوو بێت بەچاوێکی بابەتیانەوە ئەم ووتارەی نەخوێندۆتەوە.

## پێنجەم. شێوازی هێنانەدی حککك و ئاکامەکانی.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان بڕیار نیە لە پرۆسەی پیاچونەوە بەئەزمونێکی سیاسی دەیەونیوێکی کۆمۆنیستەکانی کوردستان شکڵ بگرێت و کادرەکانی (ئەو بزووتنەوەیە نەك تەنها هەر هی ئەو تەشکیلاتە) تیا دەخالەت گەر بن، بەڵکو بە ئیجرائاتێکی ئیداری و شکڵی و ڕێکخراوەیی، وەلەسەرەوەڕا لە پلینۆمێکی حککع دا بڕیاری لەسەر بدرێت. ئەم شێوازە بەهێزکردنی سوننەتێکی جێگیرە (مەوجودە) لەناو ئەم حیزبەدا کەقەرارە حیزبێکی تری پێ دروست بکرێت کە هەر لە ڕۆژی لەدایك بوونیەوە بەو سوننەتە فرچك بگرێت.
باسەکەی من دەربارەی دروستی یان نادروستی ئەو مەسەلەیە نیە کە ئایە پێکهێنانی حكك کوردستان دروستە یان نا؟ بەڵکو لەسەر پرۆسە و شێوازی شکڵ گرتنەکەیەتی. دەشێت لە پرۆسەیەکی تر و بەشێوازەیێکی تر بگەیتە هەمان ئاکامی ئاڵوگۆری لە خۆدەرخستنی تەشکیلاتی و ڕاگەیاندنی حیزبێکی ئاوا، بەڵام پروسە و سوونەتی شکل گرتنەکەی جیاوازە.

جیا لەوەی کە لە سەرەتای ڕاگەیاندنی حیزبێکی ئاواهیدا، هاشوهوشێك سەرگەرمی و سەرقاڵی بۆ ئەو حیزبە تازە (و دڵخۆشیەك بۆ حیزبی کۆنیش) دێنێتە ئاراوە، بەڵام ئاکامەکەی لەقاڵبدانی هەر هەوڵ و چالاکیەك و خنکاندنی ڕەوتێکی ڕەخنەگرانەیە لە وەزعی مەوجودی کۆمۆنیزم لە کوردستاندا بەگشتی و ڕێگریە لە بیرکردنەوەیەکی جدیش لە چارەنووسی حککع بەتاییەتی.

## شەشەم: ناوخۆی حیزب و ئەم پرۆژەیە.

هەتا بەپێی ئەحواڵ و ئەوزاعێکی ناوخۆی ئەم حیزبە لە ئێستادا:
1- کامڵ نەبوونی ئیختیلافاتی فکری و سیاسی. [وەباشترە بڵێین لەڕێگەی لەباربردن و خنکاندن، وەیا دەرپەراندنی هەر بۆچونێکی جیاواز و ڕەخنەگرانە. نەك جیابوونەوەی خەت و ختوتی فکری-سیاسی جیاجیا لە پرۆسەیەکی نۆڕماڵ و ئازادانەدا. نووسەری ئەم یاداشتانە بە بڕیارێکی 24 سەعات مۆڵەتدان بۆ پەشیمان بوونەوە!!! یان کردنەدەرەوە، بەر لە تەواو بوونی مۆڵەتەکە چووەتە دەرەوەی ئەو حیزبە- بڕوانە بڕیاری بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی ئەوکاتە لە بەرواری 7-6-2000].
2- شکڵ نەگرتوویی ڕەوتێکی ڕەخنەگرانە (هەتا ئەگەر لە شکڵی فراکسیۆنێیکیش دابێت) کەسەرنجی کادرەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشا بێت و بیەوێت بە مێژووی ناکامیەکانی ئەم حیزبەدا بچێتەوە و ئاکامگیری جدی بەدەست بهێنێت.
بەڵێ هەتا بەپێی ئەم ئەحواڵ و ئەوزاعە ناوخۆیەش لە ئێستادا پێکهێنانی حیزبێکی لەو چەشنە بەو شێوازە ئاکامی نالەباری (سلبی) بەدواوەیە.

## حەوتەم: قسەیەك بۆ هاوڕێیان.

لێرەدا ڕووی قسەم لە ئەندامان، کادران، لایەنگران و دەوروبەرانی (حککع)ە کە نیگەرانن بەرامبەر چارەنووسی کۆمۆنیزم و ئەیانەوێت لەڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە بڕواننە مەوقعیەتی حککع لە کوردستان (وعێراق)دا، بە ڕاگەیاندنی ئەم ئاکسیۆنە (پێك هێنانی حكك کوردستان) ئەکەونە ناو هەلومەرجێکی تەشکیلاتی و یاسایی سەخت ترەوە و مەوقعیەتی دژە ڕەخنەیی بەرامبەریان چەندین بەرابەر بەهێز ئەبێت. بەڕای من لەمڕۆدا، یەکەم ئەکرێت ئەم پرۆژەیە (ئەگەر قەرار بێت ئاکسیۆن نەبێ و پرۆژە بێت) دوا بخرێت و دووەمیش دوای ئەوەش، ئەکرێت بکرێتە مەسەلەیەك بۆ دواندن (موخاتەبە)ی کادرەکان و بەشداری پێکردنیان لە بیرکردنەوە لە چارەنووسی کۆمۆنیزم لە کوردستان و حککع، بە پێچەوانەی وەزعێك کە کادرەکانی توشی دەستەوستان و گوێمەدەریَ (لا موبالی)ی کردوە، کە بەرهەمی سوننەتێکی زاڵە لە ناو حیزبدا. پێویستە لێرەدا لەبەرامبەر بیرکردنەوەیەکی ئیکۆنۆمیستی مەحدودگەرایشا ئەوە بڵێم، کە کۆبوونەوەی کادران (وەیا حیزب و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستیەکان) و گرتنی هەزاران جەلسە و کۆبونەوە بەبێ بوونی ڕەخنەیەکی جدی و خەتێکی فکری-سیاسی، مارکسیستی تیژ و ڕۆشەن هیچ شتێك نە لەحیزب و نە لەواقعی کۆمۆنیزم بەگشتی ناگۆڕێت لە کوردستاندا، بەڵام من دڵنیام لەوەی کە ئیمکانیاتێکی لەو چەشنە ئەگەرچی لەسەرتای شکڵگرتنیشیدابێت مەوجودە لە ناوەوە و دەرەوەی ئەم تەشکیلاتەدا. واتە خودی ئەم پرۆژەیە ئیمکان هەیە بکرێتە هۆکارێك (وەسیلەیەك) بۆ ڕەخنە لە وەزعی مەوجودی کۆمۆنیزم و پرۆسەیەکیش کە لە 10-12 ساڵی ڕابردوودا هاتووە و ئەم وەزعەی ئێستای لێ پاشەکەوت بووە. بەم مانایە کۆمەگ کردن بەهێزگرتن و شکڵ گرتنی ڕەوتێکی ڕەخنەگرانەی کۆمۆنیستی ڕادیکاڵ بەرامبەر بە ئێستا و ڕابردووی حککع و مەوقعیەتی کۆمۆنیزم لە کوردستان (وعێراق)دا. بەڕای من هەلێکی زۆر باش هاتۆتە پێش تا

**ئەم پرۆژەیە بخرێتە سەر میكانیزمەیەكی تر، بیخرێتە ناو پرۆسەیەكی تر و مل نەدرێت بەو شێوازەی كەقەراە حكك كوردستانی پێ بێتەدی. گرەوی ئەمەش بە پلەی یەكەم لەدەست كادرەكان و ئەندامانی ئەو حیزبە خۆیایەتی.**

## هەشتەم: دوو ڕوونكردنەوە.

1– **لە خوێندنەوەی ئەم نامەیەدا لەوانەیە وابێتە بەرچاو كە نووسەر وەڵامدانەوە بە ئەوزاعی سیاسی ئەمڕۆی كوردستان بێبایەخ لەقەڵەم ئەدات و وەك ئەكادمیستێك بەدوای پرێنسیپە گشتیەكانەوەیە بۆ حیزبێكی كۆمۆنیستی كرێكاری لە كوردستاندا. مەبەستی ئەم یاداشتانە ئەوەیە كە ئەم شێوازە لە هاتنە مەیدانی حیزبێكی لەو چەشنە نەك هەر هیچ وەڵامێكی جدی و تازەی بۆ ئەوزاعی سیاسی كوردستان پێنابێت بەڵكو خۆشی بەعەمەلی ڕێگرتنە لەبەردەم هەوڵوتەقەلایەكی جدیدا كە بیەوێت لەو مەیدانە كار بكات.**

2– **لەوانەیە وابێتە بەرچاو كە نووسەر موشكیلەكەی تەنها لەگەل چەند كەسانێكە كە لەسەرووی حككع وەستاون و سوكانی ئەم حیزبەیان بەدەستەوەیە. ئەم هاتنەبەرچاوە مەسەلەیەكی شكلییە. ئەسڵی فكرەی ئەم یاداشتانە پێداگرتنە لەسەر پیاچوونەوە بە ئەزموونێكی سیاسی كە نەوەیەكی كۆمۆنیست لە سەردەمێكی مێژوویدا لە كوردستان (وعێراق)دا تیایدا ژیاوە. وەلە دووتوێی ئەم ئەزموونەدا هەڵسەنگاندنی دەوری ڕابەرایەتیەكەیەتی. پیاچوونەوە بەئەزموون پیاچونەوە نییە بە تەسەروفات و ئاكار و ئەخلاقیاتی چەند كەسێك وەیا هەتا بە بۆچوونە فكری و سیاسیەكانیشیاندا، بەڵكو پیاچوونەوەیە بە پڕاتیكێكی سیاسی كۆمەڵایەتی بزووتنەوەیەك و ڕێكخراوەكانی و لە دووتوێی ئەمەشدا شەخسیاتەكان بە ئاكار و ئەخلاقیات و بۆچوون و تەسەروفاتیانەوە دەردەخرێن. پیاچوونەوە بەئەزموون نە نووسینی چەند ووتارێكە لەسەر مێژووی حیزب، وەنە ڕەخنە گرتنە لەخۆ، بەشداری پێكردنی ماتریاڵێكی ئینسانیە (كادرەكان و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەكە لە ناوەوە و دەرەوەی ڕێكخراوەكاندا) لە پرۆسەیەكی بەخۆداچوونەوە و ئاگابوونەوە بەخۆ و بە ڕۆڵێكی مێژووی كەلەم سەردەمەدا لەبەر پێیایەتی.**

**هەر مێژوونووسێك كە ویژدانی نەفرۆشتبێت ناتوانێت لە نووسینەوەی مێژووی كوردستانی كۆتایی سەدەی بیستەمدا ئەزموونی سیاسی پڕ لە گیان لەخۆبردوویی و هەوڵوكۆششی نەوەیەكی كۆمۆنیست بۆ ئایندەیكی ئینسانی لە كوردستاندا فەرامۆش بكات. پرسیاری ئەسڵی ئەوەیە ئایە ئەم نەوەیە كە هێشتا لە ژیاندا ماوە و فرسەتی ئەزمونێكی سیاسی تری لە تەمەنیا ماوە تەنها بەو لاپەڕە درەخشانە لە مێژووی كوردستان ڕازییە؟ یان گەرەكیەتی بە پێی ئەزموونەكانی خۆی مێژووەكە بەكەناڵێكی دیاریكراودا بەعەمەلی ئاڕاستە بكات؟ ئەم نەوەیە كە نەوەیەكی كۆمۆنیستی دوای خۆشی پێوەی پەیوەست بووە ناتوانێت بەئاڵوگۆڕێكی شكلی و ڕێكخراوەیی بۆ ئەو ئەركە ئامادە بكرێت. وە هەتا بەلابردنی ئەم ڕابەرایەتیەش كە ئێستا سوكانی حەرەكەتی ئەم حیزبەی بەدەستەوەیە ئەم ئامادەگییە بەدەست نایەت. ئەم یاداشتانەی من سەرنج ڕاكێشانە بۆ پرۆسەیەكی ڕیشەیی تر و قوڵتر لە پیاچوونەوە بە ئەزموونێكی مێژوویی خۆماندا، لە میانەی ڕەخنە لە هێنانەدی ئاڵوگۆڕێكی شكلیدا كە لە ئاگاییەوە بێت یان نائاگایی ئەم پرۆسەیە دائەپۆشێت ئەگەر نەشڵێین هەوڵی لەباربردنی ئەدات.**

2007-1-20